وەزارەتی ناوخۆ:دەستگیرکردنی بازرگانێکی مادەی هۆشبەر لە موسڵنا

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی ناوخۆ دەستگیرکردنی بازرگانێکی مادەی هۆشبەری ڕاگەیاند کە هەرشی کردە سەر هێزێکی ئەمنی لە موسڵنا. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ماددە هۆشبەرەکانی سەر بە وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: هێزێکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە دەروونییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان لە موسڵنا ڕووبەڕووی یەك بوونەوە. ئاماژەی بۆشکرد: هێزەکە بگوڕەی حوکمەکانی ماددەی 28ی ماددە هۆشبەرەکان توانی یەکێك لە داواکراوان بریندار بکات و بە تاوانی بینراو دەستگیری بکات، دوای ئەوەی هەرشی کردە سەر ئێندامانی هێزەکە، و بڕیاری یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە دەروونییەکان ژمارە 50ی ساڵی 2017 کاری یاسایی دژی گیراوەتبەر.